# کیسەڵەکان نافڕن

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
Kardo_van@yahoo.ca

دوو تێبینی پێویست:

1-ماوەیەکی چاك بەسەر بەرهەمهێنان و نیشاندانی فلیمی کیسەڵەکانیش دەفڕندا تێپەڕیوە ،بەڵام لەبەر ئەوەی فلیمەکانمان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن،ئەوە زەرورەتی خستنە ڕووی باسێك لەسەر هەر یەکێکیان هەموو کاتێك زەرورەتی هەیە.

2-لەبەر دوورو درێژی ئەم باسە ناچارم لەم گۆشەیەدا بە چەند ئەڵقەیەك بڵاوی بکەمەوە.

(3)

پێم باشە هەر لە چوارچێوەی کات و شوێندا بێمە سەر چیرۆکی ئاگرین ،چونکە ئەو چیرۆکەش بە لە بەرچاو گرتنی کات و شوێن شەڕێکی گەورە لەگەڵ مەنتیقدا ئەکات.ئاگرین گوایە لە ساڵی 1988 لە لایەن سەربازە عێراقیەکانەوە زەوت کراوە .ئەوەی سەرنج ڕاکێش و نا مەنتیقییە لەم چیرۆکەدا تەمەنی ئاگرینە،چونکە ئاگرینێك تەمەنی 13 ساڵ بێت چۆن دەبێت بەر لە 15 ساڵ زەوت کرابێت ،واتە 2 ساڵ بەر لەوەی لە دایك بێت.ئەمە ئەگەر لە کارەساتی هەڵەبجە زەوت کرابێت کە من پێم وایە بەهمەن قسە لەو کارەساتە دەکات،خۆ ئەگەر مەبەست کارەساتی هەڵەبجەش نەبێت(مەبەستم کیمیا باران کردنی هەڵەبجەیە)ئەوە دیسانەوە هەر لەگەڵ حەقیقەتدا دەکەوێتە دژایەتییەوە چونکە وەك پێشتر باسمان کرد حوکمەتی بەعس لە ساڵی 1992 کوردستانی جێهێشت و لەو ساوە کورد خۆی شارەکانی کوردستان بەڕێوە دەبات ،کەواتە چۆن دەبێت ئاگرین لە هەڵەبجە زەوت کرابێت؟بەهمەن باسی چ ساڵێك ئەکات؟ئاگرین چۆن دەبێت تەمەنی 13 ساڵ بێت؟من هیچ پاساوێك شك نابەم بۆ بچووکی تەمەنی ئاگرین،تەنها شت کە من بۆی بچم ئەوەیە بەهمەن مەبەستی ئەوە بێت کە بەعس ئەمەنە دڕندە بوو تەنانەت مناڵیشی زەوت دەکرد،بەڵام خۆ دەبوو تەمەنی ئاگرین بگونجایە لەگەڵ کاتی ڕووداوەکەدا.گرفتێکی گەورەی بەهمەنی قوبادی ئەوەیە کە سیناریۆ نانوسێتەوە(لە چاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بە فلیمی کاتێك بۆ سەرخۆشی ئەسپەکان ئەڵێت من سیناریۆ نانوسمەوە بەڵکو لە کاتی وێنەگرتندا خۆم دەزانم چیم ئەوێت و دایولۆگەکان ئەبێت چۆن بێت).ئەگەر چی بەهمەن ئەمە بە خاڵێکی پۆزەتیڤ دەزانێت ،بەڵام من لە ئاکامی ئەو هەموو هەڵە زەقانەی کە لە فلیمەکانیدا هاتوون پێم وایە بەهمەن دەبوو بە خۆیدا بچێتەوە، یان کەسێك بسپێرێت سیناریۆی فلیمەکانی بۆ بنووسێتەوە، یانیش خۆی بەو شێوەیەی کە خۆی بە باشی دەزانێت گرتە بە گرتەو دیمەن بە دیمەن سیناریۆکە بنووسێتەوە.

بەم جۆرە دەبینین قوبادی مێژوو ئاوها دەنوسێتەوە کە خۆی دەیەوێت نەك وەك ئەوەی کە ڕووی داوە ئەمەش بۆ سەرنج ڕاکێشانی بینەر .ڕەنگە مەبەستێکی تر بۆ ئەم شێواندنە نیشاندانی دڕندەیی دوژمن بێت،بەڵام

هەنگاوێکی لەم بابەتە کارکردێکی نەگەتیڤی ئەبێت و ئاکامەکانی پێچەوانە دەکەوێتەوە، بەو مانایەی لە بری ئەوەی ڕوناکی بخاتە سەر دڕندەیی دوژمن ،کۆمەڵێك نیشانەی پرسیار درووست ئەکات کە لە ئاکامدا بینەر دەکەوێتە گومانەوە لە ڕاستگۆیی سیناریست.ئەگەر لە ڕووی سیاسیشەوە ئەم چیرۆکە ((چیرۆکی ئاگرین)) بخەینە بەر لێکۆڵینەوە ئەوە بینەرێکی بیانی ئاسانتر بڕوا بە چەواشەکارییەکانی ڕژێمی بەعس ئەکات،ئاخر ڕژێم بە هەموو توانایەك هەوڵی ئەوەی دەدا کە تاوانی کیمیا باران کردنی هەڵەبجە بخاتە ئەستۆی سوپای ئێرانەوە.فلیمەکەی بەهەمەنیش شایەدێکی باشە بۆ سەرخستنی ئەو هەوڵەی ڕژێم،چونکە بە پێی چیرۆکی فلیمەکە سوپای عێراق لە کاتی بۆردومان کردنی هەڵەبجەدا لە ناو شاردا بوونە ،ئەمەش دەلیلی ئەوەیە تەرەفی بەرامبەر کە سوپای ئێرانە ئەو کارەیان ئەنجام دابێت ،لەبەر ئەوەی هیچ لۆژیکی تیا نییە کە ڕژێم هەڵەبجەی لە کاتێکدا کیمیا باران کردبێت کە سوپاکەی خۆی تیا بووبێت.ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە ئەگەر چی ئەم هەنگاوەی بەهمەن بە زەرەری ئەو مەسەلەیە تەواو دەبێت کە ئەو تەعقیبی ئەکات، بەڵام ئەگەر واش نەبێت هیچ پاساوێك قەبوڵ نییە بۆ ئیلتیزام نەکردن بە ڕاستگۆیی هونەری .خاڵێکی گرنك لەو خاڵانەی کە سینەمای جیهانی بە شێوەیەکی گشتی و سینەمای مولتەزیم بە شێوەیەکی تایبەتی لە سینەمای ئەمریکی یان لە فلیمەکانی هۆلیود جیا ئەکاتەوە ،ڕاستگۆیی هونەرییە .لە کاتێکدا لە سینەمای مولتەزیمدا ڕاستییەکان و گرفتەکان وەك خۆیان دەخرێنە ڕوو ئەوە لە هۆلیود دا پاساو هێنانەوە بۆ ئەو تاوانانەی کە سوپای ئەمریکا لە چوار چێوەی ستراتیژو سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتە دەرهەق بە گەلانی دونیا کردوویەتی و دەیکات ،دیاردەیەکە ناشاردرێتەوە.زۆرن ئەو فلیمانەی کە حەقیقەتە مێژووییەکان دەشێوێنن جا ئەگەر ئەمە بۆ فلیمێکی هۆلیودی کارێکی ئاسایی بێت ،ئەوە بۆ بەهمەنێك کە تەعقیبی مەسەلەیەك دەکات و سینەما دەکات بە ئاوێنەی بیرو باوەڕەکانی و وەك خۆی دەڵێت وەك چەکێك بە کاری دەهێنێت، ئەوە قابیلی قەبوڵ نییە.

2005-8-15